

# نامۆ

## لە نێو گەلێکی بە هونەر نامۆ!

ژیاننامە و بەشێک لە کار و چالاکییەکانی هونەرمەندی گەورەی کورد "محەممەد ڕۆستەمزادە" ناسراو بە "نامۆ".

RAWEZHISM

# نامۆ

# لە نێو گەلێکی بە هونەر نامۆ!

**ژیاننامە و بەشێک لە کار و چالاکییەکانی هونەرمەندی گەورەی کورد "محەممەد ڕۆستەم زادە" ناسراو بە "نامۆ".**


**ئامادەکاران:**

**ناسر فەتحی، ئەمیر سیراجەدین**

**بە هاوکاری:**

**پەپوولە یووسفی**


**بڵاوکردنەوە: لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم**

**محەمەد رۆستەمزادە (نامۆ)**

**محەمەد رۆستەمزادە بۆکانی، ناسراو بە نامۆ؛ شێوەکار و کاریکاتۆریست و شاعیر، کوری ساڵح، لە هۆزی فەیزوڵابەگی موکرییە کە لە ساڵی ١٩٦٤ی زایینی (١٣٤٣ی هەتاوی) لە شاری بۆکان لە دایکبووە.**

ژیانی هونەری:

**تا تەمەنی پازدە ساڵی** ؛ بەشداری لە کار و چالاکی هونەری و چاپەمەنی ناو مەدرەسە و کێبەرکێ هونەرییەکاندا کردووە و هەر ئەوە بۆتە هۆی ئاشنابوونی لەگەڵ هونەری گشتی و وەرگرتنی خەڵات و رێزلێنان لە ئاستی شاری بۆکان و پارێزگاکان .

**لە پازدە تا بیست ساڵی**؛ یەکەم راچڵەکینی دەروونی هونەریی لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی گەلانی ئێران و گۆڕانی فەزای سیاسی کوردستان و چالاکی پێشمەرگە و حیزبەکان بوو؛ واتە کاتێک ئەویش دەچێتە ناو جووڵانەوەی ئازادیخوازی جەماوەر دژی دەسەلات و بە پێی ئەویش، ژیانی هونەریی دەکەوێتە ژێر کاریگەری ئەو بارودۆخە . سەرهەڵدان و گەشەی بیرۆکەی چەپ و چالاکی ئەو بزاڤە و هاتنە ئارای دەیان پەرتووک و پۆستەر و بلاڤۆکی شۆڕشی کرێکاری و جوتیاری روسیە و چین، وادەکات کەسایەتی هونەری نامۆ ببێتە کەسایەتییەکی هونەری سیاسی.

لەو قۆناغەدا دەچێتە ناو بەشی راگەیاندنی گەنجانی سازمانی "چریکهای فدایی" (پیشگام) و چالاکییە هونەریەکانی دەست پێدەکات و لەوێ دوو پێشانگای هێڵکاری پۆرترەیتی شەهیدانی سازمان رێک دەخات. (مدرەسەی کورشی کەبیری بۆکان )

دوواتر وەک خۆی دەڵێت ؛ بە هۆی رەخنە گرتن لە سیستێمی بەرێوەبەری سازمان لە ناوچە کوردییەکان دا ؛ کە زمان و کەلتووری کوردی دەخستە پەراوێزەوە؛ سازمان بە جێ دەهێلێت، بەڵام چالاکییە هونەرییەکانی بە نهێنی لەگەڵ پارت و حیزبە چەپە کوردییەکان بەردەوام دەبێت.

**بیست تا سی ساڵی:** یەکێک لە هەستیارترین قۆناغەکانی ژیانی هونەری نامۆ لە پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی دەست پێدەکات ، کە قەڵاچۆی خەڵکی بێتاوان لە کوردستان روویدا؛ حکومەت چەندین جار هێرش دەکاتە سەر کوردستان و بۆ ماوەی

پتر لە ساڵێک بۆکان دەکەوێتە گەمارۆی توند، هێرشەکانی حکومەت و جینۆساید و کوشتاری خەڵکی کوردستان بە دەست کەسانێک وەک خەڵخاڵی و حەسەنی لە لایەک و بەرگری هێزی پێشمەرگە بە شێوازی چریکی و بەرخۆدانی خەڵک لەلایەکیتر، فەزایەکی دەروونی تایبەت دروست دەکات، تەنانەت وەک خۆی ئاماژە دەکات؛ جارێک پاسدارانی حکومەت بە بیانووی لایەنگری لە حیزبە کوردییەکان بە مەبەستی کوشتن دەیبەنە دەرەوە و چاوی دەبەستن و گولەی بەسەردا دەتەقێننەوە..... ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی یەکجار زۆری لەسەر دەروونی دەبێت و لە بەرهەمەکانی دا ڕەنگ دەداتەوە .

دووای ئەوەی شەڕی ئێران و ئێراق دەست پێدەکات؛ کوردستان بە تەواوی دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییەوە ، پێشمەرگە پاشەکشی دەکات و فەزای سەرکوت توندتر دەبێت، ڕەشبگیر دەست پێدەکات و گەنجانی کورد وەک سەرباز یان ڕەوانەی بەرەکانی شەر دەکرێن یان دژی پێشمەرگە بە کار دەهێنرێن ، هەر ئەوەش بوو بە هۆی ئەوەی نامۆ بۆ ماوەی دوو ساڵ خۆی لە سەربازی بدزێتەوە؛ ئەم دوو ساڵە دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی بە نهێنی کار بکات و هەر وەک خۆی بە گرینگی ئاماژەی پێدەکات ؛ بگاتە ئەو ئەنجامەی کە کورد وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆخواز بۆ ئەوەی لە ئاسیمیلاسیۆن و تووانەوە ڕزگاری بێت؛ پێویستی بە خەباتێکی کەلتووری دژی داگیرکەران هەیە و لەو ڕێگایەدا؛ دەبێت زمان و ڕێنووس وەک فاکتێرێکی گرینگی شوناسی نەتەوەیی ، دەوریان هەبێت. ئەوە دەبێتە سەرەتایەک بۆ ڕەوتێکی سی ساڵە بۆ دانان و داڕشتنی ڕێنووسی تایبەت بە کورد، لەسەر بنەمای ڕێنووس و ئالفابێتە کۆنەکانی کە پەیوەندییان بە کوردەوە هەیە (وەک ئارامی کۆن، ماسیسۆراتی ، ئالفابێتی ئێزدی ، پالەوی کۆن و هەروەها ئاڤێستایی) . بەرهەمە هونەرییەکانی ئەو سەردەمەش زیاتر هێڵکاری بە قەڵەم جاف لە خۆ دەگرێت.

دوواتر قۆناغی زانکۆ دەست پێدەکات . نامۆ بە پلەی یەکەم لە سێ زانکۆی ناوداری ئێران لە بەشی هونەردا دەردەچێت و ئەو زانکۆی هونەرە جووانەکانی تاران هەڵدەبژێرێت، لە زانکۆ لەگەڵ ڕێبازە هونەرییەکانی سەردەم و بەرهەمگەلی هونەرمەندانی جیهانی ئاشنا دەبێت و وەرچەرخانێکی گەورە لە کارەکانیدا سەرهەڵ ئەدات ، هەر لەو سەردەمەدا نامۆ لەگەڵ هونەرمەندانی تری کورد وەک

هونەرمەندانی شاری سنە ئاشنا دەبێت و لەم قۆناغەدا ئەزموونی کۆمەڵێک بەرهەمی ، " رئال – ئێکسپێرشێن " و" سووریالیزم" دەکات.

**سی تا چل ساڵی؛** لە راستیدا دەکرێت بڵێین؛ خاڵی دەسپێکی "قۆناغی ئێکسپێرشین" (کە یەکێک لە گرینگترین قۆناغەکانی ژیانی هونەری نامۆیە) پاش تەواو بوونی زانکۆ و گەڕانەوەیەتی بۆ بۆکان، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ روودانی کارەسات و کۆمەڵکوژییەکانی ئەنفال و هەلەبچە و دوواتر کۆڕرەو هەروها شێعری شاعێرانی وەک پەشێو و بێکەس و ... هتد. هەر لەم سەردەمەدا نامۆ بە شێوەی خۆبەخش فێرگەی هونەری لە فەزای داخراوی بۆکان دادەنێت وهەوڵ دەدات جیلێکی هونەرمەندی دەروەستە پەروەردە بکات. چالاکییە هونەرییەکانی پەرە پێدەدات و زیاتر لە ١٥ پێشانگا بەرێوە دەبات کە تێدا جیا لە تابلۆ و بەرهەمی هونەری، گرینگی بە رێنووسی تایبەتی کوردی دەدات و دەیخاتە بەر دیدی بینەران.

مەواد و کەرەستەی جۆراجۆر تاقی دەکاتەوە، بە کار هێنانی سپرای ، مەوادی جیاوازی وەک پاشماوە پلاستیکییەکان(کە دوواتر لە پرۆژەی X_Plastic دا دەبنە کەرەستەو بابەتی سەرەکی) ، تێکنیکی کۆلاژ، تێکنیکی سوتان لە تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغەیە، لە ناو تابلۆکان دا رەنگەکان بەوپەڕی زەقی و تۆخی دەگەن ، فۆڕمەکان تێکدەشکاو و تێکسڕماون کە گوزارشت لە شتێکی ناخۆش دەکات وئەوەش لە قڕکردنی کوردو ژینگەکەیەتی بە شێوەیەکی سیستماتیک.

"هانیبال ئەلخاس" هونەرمەندی ناوداری ئێرانی، لە سەفەرێکدا بۆ سنە و سەقز و دوواتر بۆ بۆکان ، کارەکانی نامۆ دەبینێت و سەرسامی خۆی بەو شێوەیە دەردەبڕێت: " ... کە کوردستان خاوەنی پیکاسۆی سەردەمە و هەورووەها بەرهەمەکانی نامۆ لە ئاستی بەرهەمگەلی هونەریی ئێکسپێرشێن وەک گرووپی " ئەپێل"-ی ئالمانی دایە. "

هەر لەم سەردەمە نامۆ چەند پەیەکەرەش بە مەواد و کەرەستەی جۆراجۆردروست دەکات کە بەداخەوە جگە لە دووانیان ئەوانیتر تێداچوون. لەو ماوەیەدا بە هۆی چالاکی زۆر لە بواری هونەر و سیاسەت ، پتر لە چوار ، پێنج جار دەگیرێت و بۆ ماوەی کورت کورت دەکەوێتە زیندان و ژێر ئەشکەنجەوە، بەڵام تێدەگات جەماوەر زۆر پەیوەندی دەگەڵ کارەکانی ناگرن و حکومەتیش ئەمەی پێخۆشە، خۆی دەڵێت :"هەر بەو هۆیەوە هەستم کرد دەبێت پردی پەیوەندی من و خەڵکی سادە و ساکار و نەخوێندەوار زیاتر

بێت و راستەوخۆتر بتوانم پەیامی خۆمیان پێ بگەیەنم،  بۆیە جیا لە تابلۆ ئێکسپێرشینەکان ، کاریکاتۆرم بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژارد کە لە منالّیشەوە جار جار دەستم تێیدا هەبوو". مژاری کاریکاتۆرەکان ؛ هەڵوێست بوون لە هەمبەر کوشتن و تێرۆری چالاکان و روناکبیرانی سیاسی ناوخۆی ئێران و هەروەها هێرشەکانی دەوڵەتی تورک بۆسەر باشوری کوردستان و ... هتد. (لە گرینگترین بەرهەمەکان دەکرێت ئاماژە بکەین بە فەرهەنگ و دیکشێنێری : سەرەکان ) رێک لەو ماوەیەدا و هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی سنە و شارەکانیتری رۆژهەڵات بۆ ئیدانەی دەستبەسەر کردنی بەرێز ئۆجالان، نامۆش یەکێکە لە رێکخەرانی خۆپیشاندانی شاری بۆکان و لە ناو خۆپیشاندانەکەدا تابلۆیەکی نامۆ دەستاودەست دەگەرێت و دەبێتە هۆکاری وروژانی جەماوەر و بەو هۆیەش جارێکیتر لە لایەن رژیمی کۆماری ئیسلامییەوەە دەگیرێت و بۆ ماوەی مانگێک لە ژێر ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەیی دادەبێت و دووای دوو جار پێداچوونەوە بەسەر حوکمەکەی دا، سزای سێ مانگ زیندان و پەنجا شەلاقی(قامچی) بەسەردا دەسپێنن ، بەڵام بەرێوەبردنی سزاکەی دەکەوێتە دووای خوێندنی ماستێر لە تاران. واتە دووساڵ دواتر.

لە ماوەی خوێندنی ماستێر لە تاران ، کۆمەڵە تابلۆی لە ژێر ناوی X_plastic بەرهەم هێنا کە هەر وەک باسکرا، کەرەستەی سەرەکیەکەیان پلاستیک و پاشماوەی پلاستیک و مەوادی رێدیمەید بوون و هەر ئەو کات لە گالێری بەنەفشە لە باکوری تاران پێشاندران.

هاوکات لەگەڵ ئەوانە درێژەی بە کاری کاریکاتۆردا و کۆمەڵێک کاریکاتۆری بەرهەم هێنا ، کە ساڵانی دوواتر لە کتێبی " ...وە ئێستاش مرۆڤ"- دا چاپ و بڵاو کرانەوە.

دووای تەواوبوونی قۆناغی ماستێر جارێکیتر گەڕایەوە بۆکان و سزای زیندانەکەی بە سەرا سەپا، دوواتر بۆ ماوەی ساڵێک لەسەر ویستی خۆی  دوور لە بنەماڵە و دۆستانی لە تەنیاییدا سەرقاڵی کاری هونەری و هەروەها پەرەپێدان بە رێنووسی کوردی بوو و توانی بۆ یەکەمجار خولی راهێنانی رێنوسەکە لە بۆکان  دابنێت. لەگەڵ ئەوەش  بە یارمەتی چەند کەسێک فۆنتی کۆمپیوتێری تایبەت بۆ رێنووسەکە دیزاین دەکەن و دوو کتێبی " نالەی جودایی " و " هەواری خاڵی" مامۆستا هێمن لەو رێنوسە و بەو فۆنتە چاپ دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە.

ساڵی ٢٠٠٣ دیسان چالاکییه‌کانی ده‌ست پێده‌کاته‌وه‌ و چوار، پێنج پێشانگا به‌ دووای یه‌کدا (له‌ کاریکاتۆر و ئێکس پلاستیکه‌کان) رێک ده‌خات و هه‌روه‌ها چه‌ندین سێمینار و وۆرکشۆپ له‌ شاره‌ جیاجیاکانی رۆژهه‌ڵات به‌رێوه‌ده‌بات (ئه‌ندامی لێژنه‌ی سێ که‌سی بۆ هه‌ڵبژاردنی به‌رهه‌می پارێزگاکانی رۆژاوای ئێران ده‌بێت له‌ شاری مه‌ریوان - ٢٠٠٣ ) هه‌ڵوێست و کاره‌ سیاسییه‌کانی چه‌ند جاریتر تووشی زیندانی ده‌کات . به‌شێوه‌یه‌ک که‌ رژیم زه‌ختی له‌سه‌ر زۆر ده‌کات و ئاسته‌نگی زۆری بۆخۆی و بنه‌ماڵه‌که‌ی دروست ده‌کات و ناراسته‌وخۆ هه‌ڕه‌شه‌ی کوشتنو تێرۆری لێده‌کات، فشاره‌کان ده‌گاته‌ ئاستێک که‌ بڕیاری به‌ جێهێشتنی رۆژهه‌ڵات ده‌دات و له‌ ساڵی ٢٠٠٤ روو ده‌کاته‌ باشوری کوردستان.

**له‌ چل ساڵی تا ئێستا:** بۆ ماوه‌ی یه‌ک ساڵ ده‌بێته‌ مامۆستای به‌شی شێوه‌کاری کۆلێژی هونه‌ره‌جووانه‌کانی سلێمانی و له‌و یه‌ک ساڵه‌دا ؛ چه‌ندین پێشانگا و سێمینار به‌رێوه‌ده‌بات . دوواتر سلێمانی به‌ جێ ده‌هێڵێت و له‌ ساڵی ٢٠٠٧ه‌وه‌ له‌ هه‌ولێر نیشته‌جێ ده‌بێت و ژیانی هاوبه‌ش پێک ده‌هێنیت وه‌ک مامۆستای به‌شی شیوه‌کاری له‌ کۆلێژی هونه‌ره‌ جووانه‌کانی زانکۆی سه‌لاحه‌دین ده‌ست به‌ کار ده‌بێت.

له‌ ٢٠٠٧ به‌ملاوه‌، وزه‌ی خۆی خسته‌گه‌ڕ بۆ په‌روه‌رده‌کردنی گه‌نجان و ناساندنی هونه‌ری مۆدێرن وپۆست مۆدێرن پێیان (بۆ وێنه‌ له‌ بواره‌کانی میکس مێدیا، پێرفۆرمه‌نس و ئێنستێلێه‌شن و ... هتد) ، ئاشنا کردنی فێرخوازان له‌گه‌ڵ هونه‌ری سه‌رده‌م و به‌کارهێنانی مه‌واد و که‌ره‌سته‌ی جیاواز وئه‌زموونی رێباز و ستایلی نوێ. که‌ دوواتر کۆمه‌ڵێک له‌م فێرخوازانه‌ له‌ زانکۆکانی ده‌ره‌وه‌ی وڵات درێژه‌یان به‌ خوێندن دا ( یه‌کێک له‌ فێرخوازه‌کانی به‌ ناوی "هونه‌ر ئه‌مین" له‌ وڵاتی ئه‌مریکا بۆ پرۆژه‌ی کۆتایی خۆی له‌ زانکۆ، سوود له‌ رێنووسه‌که‌ وه‌رده‌گرێت).

له‌و ماوه‌یه‌دا چالاکییه‌کانی ده‌ست پێده‌کاته‌وه‌ و به‌ ده‌یان پێشانگا و سێمینار و وۆرکشۆپ و دیداری هونه‌ری رێکده‌خات، ساڵی ٢٠٠٩ یه‌کێک له‌ پرۆژه‌ پێرفۆرمه‌نسه‌کانی به‌ ناوی " په‌نجه‌کانمان هێشتا هه‌ر سپین " ، له‌ وڵاتی بریتانیا له‌ لایه‌ن ده‌زگای "ئارت رۆل" وه‌ک یه‌کێک له‌ پرۆژه‌ هه‌ڵبژێردراوه‌ باشه‌کان نمایش کرا.


له‌ ساڵی ٢٠٠٩ کتێبی " ...وه‌ ئێستاش مرۆڤ" که‌ پێکهاتووه‌ له‌ کۆمه‌ڵێک کاریکاتۆره‌کانی له‌ لایه‌ن ده‌زگای "تاو" چاپ و بڵاو کراوه‌ ، و هاوته‌ریب بۆ خۆشی له‌گه‌ڵ گۆڤاری گه‌پ (گۆڤاری تایبه‌ت به‌ کاریکاتۆر) بۆ ماوه‌ی دوو ساڵ هاوکاری کردووه‌.


لە ساڵی ٢٠١٢ تێزی خوێندنی ماستەرەکەی لە ژێر ناوی " هونەر و تێکنۆلۆژی" وەردەگێرێتە سەر زمانی کوردی و وەک کتێب لە لایەن دەزگای موکریانی چاپ و بڵاوکرا.


لە تەواوی ئەم ساڵانەدا هاوکات لەگەڵ کاریکاتۆر و پێرفۆرمەنس و .... هتد ، دانەبڕێت لە هێڵکاری و نیگارە ئێکسپێرشێنەکانی و دەتوانین بلێین لە ساڵی ٢٠١٣ بەملاوە گۆشەی تەنیایی هەڵدەبژێرێت و بۆ جارێکیتر قۆناغی ئێکسپێرشێن لە ژیانی هونەریی دا سەرهەڵ ئەداتەوە، مژار و بابەت و تێکنیکی تابلۆکان رەنگدانەوەی بارودۆخ و فەزای بەشەکانی کوردستانن لەو ساڵانەدا؛ سوتانی شار و شارۆچکەکانی باکوری کوردستان ، هێرشی داعش و جینۆسایدی ئێزییەکان ، بەرخۆدانی گەل لە رۆژاوا ، سێدارەکانی کۆماری ئیسلامی، شەهید بوونی هەزاران پێشمەرگە و گریلا لە هێڵ و رەنگ و فۆڕمی تابلۆکانیدا ، بە زەقیی رەنگیداوەتەوە. فۆرمەکان تێکشکاون، کەمتر بارست و حەجمیان هەیە و بە هێڵی قورس و تۆخی رەش یان سۆر و شین دەوردراون رەنگی خۆڵەمێشی و کڕان و رووشانی زەمینەی تابڵۆکان بەرچاون جاری وایە فۆرمەکان نوقمی زەمینەکە دەبن و جگە لە چەند هێڵیک نابیندرێن کە گوزارشت لە هەست و بۆچوونی ئەو دەکات لەو شتانەی کاریگاریان بە سەریەوە بووەوهەیە.


# نموونەی کۆمەڵێک لە کارەکانی م. نامۆ

- ئەم نموونە کارانەی خوارەوە بۆ پێش ساڵی ٢٠٠٠ دەگەڕێننەوە.
















NAMO






**▪ چەند نموونەیەک لە پرۆژەی X.Plastic لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ساڵی ١٩٩٨ تا ساڵی ٢٠٠١. کەرەستەی کارەکان پێک هاتوون لە نایلۆن و مەوادی جۆراوجۆر.**













■ نموونەی هەندێ لە چالاکیەکانی ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٨.






2006 6 21




BOSS
2006 5 23


2006 6 23








2006 6 23

**■ نموونەی هەڵبژاردەیەک لە کارەکانی ساڵی ٢٠١٤ تا نیوەی ٢٠١٨**

















NAMO







■ **نموونەی هەندێک لە کاریکاتۆرەکانی م. نامۆ**





ئێران
سعودی
NAMO


NAMO


Axwind Şiwayt
Zînger
17.2.2010


2018


UN
USA
EUROPE
ISIS
EFRIN
2018







petrol


un
15.2.2012


PKK.... PYD
gewretrin kospin
leberdem Xelafeti
Min u ISIS
WC


Sykes-picot
2023

**پێشانگاکان :**

- پێشانگای سەرشەقام ، هاوبەش – بۆکان-١٩٩٥/٥/١٥
- پێشانگای تایبەت ، سەنتەری کەلتوروهونەری بۆکان -١٩٩٥/٧/١٢
- پێشانگای تایبەت ، سەنتەری کەلتور و هونەری بۆکان – ١٩٩٦/١١/٢٥
- پێشانگای هاوبەشی هونەرمەندانی بۆکان ، بۆکان-١٩٩٧/٣/١٢
- پێشانگای تایبەت ، نوسینگەی ئەندازیاری چاوباز، بۆکان – ١٩٩٧/٩/٢٩
- پێشانگای تایبەت ، سەنتەری کەلتورو هونەری بۆکان- ١٩٩٨/١١/٢٣
- پێشانگای تایبەت ، گالێری ئیرشاد، سنە- ١٩٩٨/٣/١٦
- پێشانگای تایبەت کاریکاتێرو کارتۆن ، گالێری ئیرشاد، سنە- ١٩٩٩/٧/١٣
- پێشانگای تایبەت، بۆکان- ١٩٩٩/١١/٤
- پێشانگای تایبەتی شێوەکاری، گالێری ئیرشاد، سنە- ٢٠٠٠/٤/٢٣
- پێشانگای تایبەت، (X-plastic) گالێری بەنەفشە، تاران -٢٨/ ٤/ ٢٠٠١
- پیشانگای هاوبەشی کارتۆن ، هۆلی عەلیزادە-بۆکان- ٢٠٠٢/٨/٣١
- پێشانگای هاوبەشی کاریکاتێر و کارتۆن، سەنتەری موکریان ، سەقز-٢٠٠٢/١١/٢
- پێشانگای تایبەت،(X-plastic) هۆڵی عەلیزادە، بۆکان- ٢٠٠٣/٣/٣٠
- پێشانگای تایبەتی ، کاریکاتێر، هۆڵی عەلیزادە ، بۆکان-٢٠٠٣/٨/٥
- پێشانگای هاوبەش کاریکاتێر،هۆڵی عەلیزادە ، بۆکان – ٢٠٠٣/١٠/٨
- پێشانگای تایبەت (X-plastic)، گالێری مۆزەخانە، سلێمانی-٢٠٠٦/٦/١٧
- پێشانگای تایبەت (X-plastic)، گالێری مێدیا، سەنتەری زناک- هەولێر- ٢٠٠7/11/13
- پێشانگای هاوبەشی کاریکاتێر، کەمپی پەنابەرانی مەخموور-٢٠٠٨/٤/٢٢
- پێشانگای تایبەت (X-plastic)، کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر-٢٠٠٨/٥/١١
- پێشانگای هاوبەش، گالێری شانەدەر، هەولێر-٢٠٠٩/١/١
- پێشانگای تایبەت (X-plastic)، کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر-٢٠10/4/20
- پێشانگای هاوبەشی پۆرترێت، پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر-٢٠١١/٥/١٨
- پێشانگای هاوبەش ، گالەری شانەدەر، هەولێر٢٠١١
- پێشانگای هاوبەش ، گالێری دهۆک- ٢٠١١
- پرۆژەی ئێنستلێشن (سەهۆڵ و خۆشەویستی) کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر-٢٠٠٧

- پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت،( لە هەمبەر سینەمایەکی داخراودا) هەولێر-٢٠٠٨
- پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت،(من پەنابەرم)هۆڵی مێدیای هەولێر – ٢٠٠٩
- پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت،(پەنجەکانمان هێشتا هەر سپین)هەولێر-٢٠٠٩
- بەشداری لە ڤێستیڤالی هونەری لەندەن- بریتانیا بە ڤیدیۆی پەنجەکانمان هێشتا هەر سپین ،٢٠١٠
- پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت، (خێوەتێک لە وشە)پارکی شانەدەر-هەولێر-٢٠١٠
- پرۆژەی پێرفۆرمەنس ئارت، (نەفت و خوێن) گالێری مێرگ،هەولێر-٢٠١٣
- پێشانگای هاوبەشی کاریکاتێر، هۆڵی هونەری شێوەکاری- مێدیا، هەولێر-٢٠١٣/١٢/٢٣
- پێشانگای هاوبەش دەگەڵ هونەرمەندی فرەنسی کلێر ئارتور، گالێری شانەدەر، هەولێر-٢٠١٥/٣/١٧
- پێشانگای هاوبەشی مامۆستایانی کۆلێژی هونەر، هەولێر-٢٠١٥/٤/١٧
- پێشانگای هاوبەش لە خولی١٣-ی گالەری دهۆک- دهۆک- ٩-٢٠١٧/٣/١٠
- بەشداری لە سەمپوزیۆمی هەولێر (هاوکار گروپ)- ٢٠١٧/٧/١٣
- بەشداری لە یەکەمین فستیڤالی کارتۆن و کاریکاتور سلێمانی- ٢٠١٨/٤/
- بەشداری لە سەمپۆزیۆمی ١٤- دهۆک – ٢٠١٩
- بەشداری لە دووهەم فستیڤالی کارتۆن و کاریکاتوری نێودەوڵەتی سلێمانی—٢٠١٩/٤/١

### چالاکی :

- ئەندامی یەکیەتی مامۆستایانی کوردستان ، هەولێر
- ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان ، هەولێر
- پتر لە ٢٠ سیمیناری هونەری هونەرییم بووە

### کتێبی چاپکراو:

- کتێبی کاریکاتێر (وە...ئێستاش مرۆڤ)، دەزگای تاو-٢٠٠٩
- کتێبی هونەر و تێکنۆلۆژی، دەزگای مۆکریان-٢٠١٢

**کتێبی ئامادەی چاپ :**

- شانۆ لە یۆنان و رۆما –لە فارسیەوە بۆ کوردی
- کۆمپۆزیسیۆن (دارشتن) – لە فارسیەوە بۆ کوردی

